قوباد تاڵەبانی: حکومەتی هەرێم و یەکێتی پشتگیری پرسی ئاشتی لە تورکیا دەکەن

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم ئەمڕۆ پێشوازی لە نوح یەلماز، جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیا کرد و باس لە پرسی ئاشتی و دۆخی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی 10یەمی حکومەت کرا، هەروەها هەردولا هاوڵابوون لەسەر گرنگیی پتەوکردنی پێیوەندییەکان کە لە ئێستادا بەرەو ئاستێکی باشتر دەڕوات.

نوسینگەی ڕۆژنامەوانی قوباد تاڵەبانی ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، قوباد تاڵەبانی، پێشوازی لە نوح یەلماز، جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیا کرد و پێکەوە چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردولایان تاوتوێ کرد

ئاماژەی بەوەشکرد، باس لە دوا پەرەسەندنەکانی پرسی ئاشتی لە تورکیا کرا. لەوبارەیەوە قوباد تاڵەبانی جەختیکردەوە لە پشتگیریکردنی حکومەتی هەرێم و یەکێتیی لە پرۆسەکە و ڕایگەیاند، ئامادەن بە هەر جۆرە هاوکارییەک لەپێناو سەرخستنی ئاشتی لە تورکیا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، باس لە دۆخی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی 10یەمی حکومەتی هەرێم کرا. قوباد تاڵەبانی ئاماژەی بەوەدا کە

گفتوگۆکان بە ئاراستەیەکی باشدا دڕۆن و نیەتی باش هەیە بە ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی کارا و بەهێز کە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی هاوڵاتیاندا بێت.

ئەوەشی خستەڕو، لەتەوەرێکی دیکەدا باس لە پێوەندییەکانی یەکێتی و تورکیا کرا. هەردولا هاوڵابون لەسەر گرنگیی پتەوکردنی پێوەندییەکان کە لە ئێستادا بەرەو ئاستێکی باشتر دەڕوات.